بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامـەی ڕەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمـارە( ٤٥ ) سـاڵی چـوارەم ٢٠٠٣/١٠/٢٨ ز ( ٦ )ی گەلاڕێزان ٢٧٠٣ کوردی ( ٢ )ی ڕەمـەزان ١٤٢٤ی کۆچی


## لەم ژمـارەیـەدا :

45


- **یاسای ژمـاره ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠٠٣** ل١
  لەکارخستنی مادده گەلێك لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی هـەمـوارکـراوی سـاڵـی ١٩٦٩
- **یاسای ژمـاره ( ٢٢ )ی سـاڵی ٢٠٠٣** ل٣
  لەکارخستنی مادده گەلێك لە یاسای ئـوسوڵـی موحاکـەمە سزاییـەکانی عێراق ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٧١
- **یاسای ژمـاره ( ٢٣ )ی سـاڵی ٢٠٠٣** ل٧
  دەرماڵـەی منـداڵبـوون و دایکـایـەتی
- **بڕیـاری ژمـارە ( ٣٩ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ پەرلـەمانی کوردستان** ل٨
  سـپاردنی ئەرك و فەرمانی ڕێزدار سـکـرتێری ئەنجـومـەن بە درێـژایی دیارنەبوونی بە ئەندامی ئەنجـومـەن ڕێزدار کاکەڕەش محمد نقشبندی
- **بڕیـاری ژمـارە ( ٤٠ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ پەرلـەمانی کوردستان** ل٩
  دانـانی ئـەنـدامی پەرلەمـان ڕێـزدار طارق سـعید جامباز لە لیژنەی هەڵبژاردنەکاندا لە جیاتی ڕێـزدار عبدالکریم حاجی کاکـە حەمـە
- **بڕیـاری ژمـارە ( ٤١ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ پەرلـەمانی کوردستان** ل١٠
  متمانـەدان بـە سـێ وەزیـر
- **بـەیاننـامەی ژمـــارە ( ٣ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ی وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل١١
  پێکهێـنـانی بـەشـی دارایـی لـە نـاحیـەی کـەسـنـەزان
- **بـەیاننـامەی ژمـــارە ( ٤ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ی وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل١١
  گـۆڕینی سـەرۆکـی لیژنـەی تایبـەت بـە ووردبینی کـردنی کێشەی ناڕەزایی باجدەرانی باجی دەرامـەتی دهـۆك و ئـاکرێ
- **بـەیاننـامەی ژمـارە ( ١ )ی سـاڵی ٢٠٠٣ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری** ل١٢
  کـردنـەوەی ( هـۆبـەی ئـاودێـری گـوێـڕ )



www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد

بـەدالـــە (٢٢٣٨٢٢_٢٢٣٨٦_٢٢٣١٤٣٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٤٥) السـنة الرابعة ٢٨/١٠/ ٢٠٠٣م (٦) گـەلاڕێـزان ٢٧٠٣ ك (٢) رمضان ١٤٢٤ هـ

## في هذا العدد

- قانـون رقـم (٢١) لسـنة ٢٠٠٣ ص١٣
  ايقاف العمل بمواد من قانون العقوبات العراقي رقـم (١١١) لسـنـة ١٩٦٩ المعـدل
- قانـون رقـم (٢٢) لسـنة ٢٠٠٣ ص١٤
  ايقاف العمل بمواد من قانون أصـول المحاكمات الجزائيـة العراقي رقـم (٢٣) لسـنـة ١٩٧١
- قانـون رقـم (٢٣) لسـنة ٢٠٠٣ ص١٧
  مخصصـات الـولادة و الأمـومـة
- قـرار برلمـان كـوردسـتان رقـم (٣٩) لسـنة ٢٠٠٣ ص١٨
  إناطـة مهـام سكرتير المجلس طيلة فتـرة غيابه بعضـو البرلمـان (كاكەرەش محمـد النقشبندي)
- قـرار برلمـان كـوردسـتان رقـم (٤٠) لسـنة ٢٠٠٣ ص١٩
  إحـلال عضو البرلمـان السيد (طارق سـعيد جامبـان) في لجنـة الأنتخابـات بـدلاً من السيد (عبدالكـريم حاجي كاكه حمـه)
- قـرار برلمـان كـوردسـتان رقـم (٤١) لسـنة ٢٠٠٣ ص٢٠
  منـح الثـقــة لثـلاثـة وزراء
- بيـان رقـم (٣) لسـنة ٢٠٠٣ لـوزارة الماليـة و الأقتصـاد ص١١
  تشـكيل (قسـم الماليـة فـي ناحيـة كسـنـزان)
- بيـان رقـم (٤) لسـنة ٢٠٠٣ لـوزارة الماليـة و الأقتصـاد ص١١
  تغييـر رئيس لجنـة تدقيـق أعتراض مكلفي ضريبـة الـدخـل فـي دهـوك و ئاكـرێ
- بيـان رقـم (١) لسـنة ٢٠٠٣ لـوزارة الـزراعـة و الـري ص١٢
  فـتـح (قسـم ري گويـر)

**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئەنجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ٢١**
**رۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٣/٩/٢٧**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٩/٢٥)یـدا بڕیـاری بـە یاسـاکاری کردنـی ئـەم یاسـایەی خوارەوەی دا:

## یــاســـای ژمـــارە( ٢١ )ی ســـاڵــی/٢٠٠٣

**ماددەی یەکـەم:**

ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراو لـە کـار دەخرێ و، ئەمەی خوارەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێگای دەگرێتەوە:

(هەرکەسـێ بـە دەسـتی ئەنقەسـت و بـە هـەر شـێوەیەك دەبـێ، ببـێ لـە کارێکـدا تێـوەگلێ بـە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیری و سـەروەریی دامودەزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بە بەنـدکردنی هـەتا هـەتا یـان بـە بەنـدکردنی کـاتی سزادەدرێت.

**ماددەی دووەم:**

لە ماددەی (١٥٧) ـەوە تا دەگاتە ماددەی (١٨٩) لە یاسای سـزاکانی عیراقیـی ژمـارە (١١١) ی ساڵی(١٩٦٩)ی هەموارکراو کـە تایبـەتن بـە جەریمـە گـەلی زیانبـەخش بـە ئاسایـشی دەرەوەی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

**ماددەی سێیەم:**

لە ماددەی (١٩٠) ەوە تا دەگاتە ماددەی (١٩٥) و لە ماددەی (١٩٨) یشەوە تادەگاتە مـاددەی (٢١٩) لە یاسای سزاکانی عێراقیی ژمـارە(١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هـەموارکراو کـە تایبـەتن بـە جەریمەگەلی زیانبەخش بە ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت، لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

ماددەگەلی (٢٢٣,٢٢٤,٢٢٥,٢٢٧,٢٢٨) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە(١١١) ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو کە تایبەتن بە جەریمەگەلی دژ بە دەسەڵاتی گشتی، لە هەرێمی کوردستاندا لە کار دەخرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٢٢**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٣/٩/٢٧**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق وئــەو یاســاكارییەش كــە ئەنجومــەنی نیــشتمانی، لــە دانیــشتنی ژمــارە(٣٣)ی رۆژی (٢٠٠٣/٩/٢٥) ی خۆیدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلآتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمـی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یــاســـای ژمــارە( ٢٢ )ی ســاڵی/٢٠٠٣
## یاسـأی لەكارخسـتنی ماددەگـەلێـك لە یــاســای ژمــارە( ٢٣ )ی
## ســاڵی ١٩٧١ی ئوســـوڵی موحاكەمــە ســزاییــەكانی عێــراق

**ماددەی یەكــەم:**
برگە(جـ) لـە مـاددەی (٦١)لـەكاردەخرێ و لـە هـەرێمی كوردسـتاندا ئەمـەی خـوارەوە جێگـای دەگرێتەوە:

(ئەگەر شاهێد لەو زمانە تێنەگات كە لێپێچینەوەكەی پێ دەكرێت یـان كـەر بێـت یـان لاڵ بێـت، ئەوە، لەو بارەدا كەسێكی بۆ دادەنـرێ قـسەكان و ئیـشارەتەكانی بـۆ تەرجەمـە بكـاو پێـشەكی سوێندیش دەدرێ كە بە دروستی و بە ئەمانەت تەرجەمەكەی بۆ بكات.

**ماددەی دووەم:**
ماددەی (٧٠) لەكاردەخرێ و لە هەرێمی كوردستاندا ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:
(دادوەری لێپێچینەوە یان لێپێچەر بۆی هەیە كە لە جینایەتێ یـان لـە جونحەیەكدا تاوانبارایـان تاوان لێكراو بە زۆر ناچار بكات پشكنین لەسەر جەستەی بكرێت یان وێنەی شەمـسیی بگـیردرێ یان چاپی پەنجەكانی یان كەمێ لە خوێنەكەی یان لە مووەكەی یـان لـە نینۆكـەكانی یـان شـتی دیكەی لەو بابەتانەی كە بۆ لێپێچینەوە بە سودە وەربگیردرێت بۆ ئەوەی پشكنینی پێویـستیان لەسەر ئەنجام بدرێت. پێویستیشە پشكنینی جەستەی ئافرەت بە ئافرەت ئەنجام بدرێت.

**ماددەی سێیەم:**
ئەسڵی ماددەی (١٢٣) لە یاسای هـەمواركراوی ژمـارە (٢٣)ی ئوسـوڵی موحاكەمـە سـزاییەكانی ســـاڵی ١٩٧١ دەبێتە برگە (أ)ی ماددەكەو، دوو برگەی دیكەیشی بە زنجیرەی (ب) و (جـ) لــە

ئـەرشـیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

هەرێمی کوردستاندا بۆ زیاد دەکرێت:

ب) تاوانبـار بـۆی هەیـە پـارێزەر بـە وەکیلـی خـۆی دابنـێ، خـۆ ئەگـەر هـات و ئـەوەی لـە باردانـەبوو، ئـەوە، لـەو بـارەدا پێویسـتە لەسـەر دادگاکـە پـارێزەرێکی بـۆ دابنـێ و ئـەرکو مەسرەفەکەشی نەکەوێتە سەر تاوانبارەکە.

ج) بەر لە ئیفادە وەرگرتنی تاوانبار، پێویستە لەسـەر دادوەری لێپێـچینەوە یـان لێپێـچەری عەدلی رای تاوانبارەکە وەربگرن کە ئایا ئارەزو دەکات پارێزەرێ بە وەکالەت بۆخۆی دابنێ یان نا؟ جا ئەگەر هات و ئارەزوی ئەوەی هەبوو، ئەوە لەو بارەدا، پێویستە لەسەر دادوەری لێپێچینەوە یان لێپێچەری عەدلی ئیفادەی وەرنەگرن تا پارێزەرێ دەکات بـە وەکیـل، دەنـا دادگاکە خۆی پارێزەری بۆ دادەنێ لە جەریمەگەلی جونحە یان جینائیدا.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی (١٣٦) لەکار دەخرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی (١٤٤) لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

(کاتـێ دادگـا پـارێزەر بـۆ تاوانبـار دادەنـێ، لـەکاتی یەکلاکردنـەوەی دەعواکـەدا مزوکرێـی پارێزەرەکە دیاردەکات و دەکەوێتە ئەستۆی گەنجینەی هەرێم و، بڕیاری دانـانی پارێزەرەکـەش حوکمی وەکالـەتی هەیـە، ئەگـەر پارێزەرەکـەش بـە پۆزشـێکی بـەجێ رازی نـەبوو وەکالەتەکـە بکات، ئەوە، لەو بارەدا پێویستە لەسەر دادگاکە پارێزەرێکی دیکەی بۆ دابنێ.

**ماددەی شەشەم:**

بڕگە (ب) لە ماددەی (١٦٨) لە هـەرێمی کوردسـتاندا لـەکاردەخرێ و ئەمـەی خـوارەوە جێگـای دەگرێتەوە:

(شاهێد بەدەمی خۆی شـاهێدی دەدات و، ناشـێتیش قـسەی پـێ ببڕدرێـت و ئەگـەر نەشـیتوانی قـسەبکات، ئـەوە، لـەو بـارەدا دادگـا رێگـای دەدات کـە شـاهێدییەکەی بـە نووسـین بنووسـێت. دادگـاش بـۆی هەیـە دوای تـەواوبوونی شـاهێدییەکەی، هـەر پرسـیارێك کـە بـۆ ئاشـکراکردنی حەقیقەت پێویستە لێی بکـات، دەشـێتیش ئیـددیعای گشتی و شـکاتکارو ئیـددیعای مـەدەنی و بەرپرسـی مـەدەنی و تاوانبـاریش وتوویـژ لەگـەڵ شـاهێدەکەدا بکـەن و، بـۆ ئاشـکراکردنی حەقیقەتیش پرسیاری ئاراستە بکەن و داوای روونکردنەوەی لێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگە (أ) لـە مـاددەی (١٨٤)لـە هـەرێمی کوردسـتاندا لـەکاردەخرێ و ئەمـەی خـوارەوە جێگـای دەگرێتەوە:

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

(دادوەری لێپێچینەوەو دادگاش بۆیان هەیـە، لەسـەر داوای ئیـددیعای گشتی یـان لەسـەر داوای لایەنی ئیداریی پێوەندیدار، دەست بەسەرداگرتنێکی دووربینی (الحجز الاحتياطي)بەسەر ئەموالی

www.mojkurdistan.com

تاوانباردا بسەپێنن لە بارێکدا ئەگەر ئەو کارەی درابووە پاڵی، جەریمەیەکی دەرهەق بە ماف و ئەموالی دەوڵەتی لێ بکەوێتەوەو حوکمی یاسا بیگرێتەوە، ئەموالی گشتی و ئەوانەشی لەگەڵدابێ کە بۆ مەبەستی سودی گشتی تەرخان کرابن، ئەمەش رێگا لە دەسەلآتی دادوەریی پێوەندیدار ناگرێ کە یەکسەر لەکاتی زەرووردا دەست بەسەر ئەموالدا بگرێ هەرچەندە داوای ئەوەیشی لێ نەکرابێ).

**ماددەی هەشتەم:**

برگەی (أ) لە ماددەی (١٩٩)لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

(سەرۆکی ئیددیعای گشتی بۆی هەیە داوا لە دادگای تەمییز بکات کە ئیجرائاتی لێپێچینەوە یان دادگایی کردن بەشێوەیەکی کاتی یان بەشێوەیەکی کۆتایی بووەستێنێ، سا دەعواکە لەهەر حاڵەتێکدا دەبێ، ببێ، تا بڕیار لەسەر داواکە دەردەچێ، ئەویش ئەگەر دەرکەوت کە هۆکاری بەڕێ و جێی هەیە).

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەی (٢١٨) لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

(مەرجی دان پێدانان (الأقـرار)ئەوەیە کە بە زۆرەملێ نەبووبێ).

**ماددەی دەیەم:**

ماددەی (٢٢١) وماددەی (٣٠٦)لەکار دەخرێن.

**ماددەی یازدەم:**

ماددەکانی دەروازەی دووەم، ئەوانەیان کە لە ماددەی (٢٨٥) ـەوە دەست پێ دەکەن و بە ماددەی (٢٩٣)کۆتایی دێت لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێن.

**ماددەی دوازدە:**

ماددەی (٣٢٠) لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

(دادوەر لە رۆژی دیارکراودا دەست دەکات بە لێپێچینەوە دەربارەی راستی و دروستیی بەلاغەکەو گوێ لە دیفاعی بەلاغ لێدراوەکە دەگرێ و، لە کۆتایی لێپێچینەوەکەشدا، ئەگەر بەتەواوی بۆی دەرکەوت کە هیچ پێویست ناکا ئیجرائاتی پاراستنی ئاشتی وەربگیردرێ، ئەوا، بڕیارێك بە رەتکردنەوەی داواکە دەردەهێنێ، یان داواکە قبوڵ دەکات و داواش لەو کابرایە دەکات کە بەڵێننامەیەك بە کەفالەتی کەسێ یان بە کەفالەتی زیاترەوە پێشکەش بکات).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سیازدە:**

مــــاددەی (٣٢٤) لە هەرێمی کوردستاندا لەکاردەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: (دادوەر لــە رۆژی دیــارکراودا دەسـت دەکـات بــە لێپێـچینەوە دەربــارەی راسـتی و دروسـتیی بەلاغەکەو گوێ لە دیفاعی بەلاغ لێدراوەکە دەگـرێ و لــە کۆتـایی لێپێـچینەوەکەشدا، ئەگـەر بـە تــەواوی بـۆی دەرکــەوت کـە هـیچ پێویـست ناکـا ئیجرائـات دژ بـە کـابرای بـەلاغ لێدراوەکـە وەربگیردرێ، ئەوا، بڕیارێك بەرەتکردنـەوەی داواکـە دەردەهێنـێ، یـان داواکـە قبـوڵ دەکـات و داواش لەو کابرایە دەکات کـە بەڵێننامەیـەك بـە کەفالـەتی کەسـێ یـان بـە کەفالـەتی زیـاترەوە پێشکەش بکات).

**ماددەی چواردە:**

بڕگەی (ب) لە ماددەی (٣٧١) لەکاردەخرێ.

**ماددەی پازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شازدە:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە  بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەڤدە:**

ئــەم یاســایە لــە رۆژی دەرهێنانیــەوە دەخرێتــە بــەرکارو لــە (وەقــایعی کوردســتان) دا بــڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجـومــەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٢٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٣/١٠/١٩**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(٣٦)ی رۆژی (٢٠٠٣/١٠/١٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٢٣ )ی سالّی/٢٠٠٣
## یاسایدەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی

**ماددەی یەکەم:**
ئەو ئافرەتەی لە ئیجازەی منداڵبووندا یان لە ئیجازەی دایکایەتیدابێت، بە درێژایی ماوەی ئیجازەکەی مووچەو دەرماڵەی تەواوی پێ دەدرێت.

**ماددەی دووەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**
پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٣٩**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٣/٨/٢٦**

## " بــڕيـــــار "

پشت بە حوکمەکانی ماددەی(١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) و، ماددەی (٢٣) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٣١)ی رێکەوتی (٢٠٠٣/٨/٢٦)ی خولی گواستنەوەی خۆیدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**

ئەرك وفرمانی سکرتێری ئەنجومەن رێزدار فرست احمد عبدالله بە درێژایی ماوەی ئامادەنەبوونی لە ئەنجومەندا، دەسپێردرێت بە ئەندامی ئەنجومەن رێزدار کاکەڕەش محمد نقشبندی.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمـال عبدالکـریم فـؤاد**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**
**ژمارەی بڕیار:٤٠**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٣/٨/٢٧**

## " بـڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٨/٢٧)یدا، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکـەم:**
دانانی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (طارق سعید جامباز) لە لیژنەی هەڵبژاردندا لەجیاتی ئەندامی پەرلەمان ڕێزدار (عبدالکریم کاکە حمە).

**دووەم:**
ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. کمال عبدالکـریم فـؤاد**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**
**ژمارەی بڕیار:٤١**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٣/٩/٢٥**

## " بـڕیــار "

پـشت بـە حوكمـەكانی بڕیـاری ژمـارە(٢٤)ی رۆژی(٢٠٠٢/١١/٦)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردســتانی عــێراق، ئەنجومـــەن لـــە دانیـــشتنی ژمـــارە(٣٣)ی (خـــولی گواســـتنەوە)ی رۆژی(٢٠٠٣/٩/٢٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەكـەم :** متمانە دەدرێ بەمانەی خوارەوە ئـەو پلەوپایانـە پڕبكەنەوەكـە بەرامبـەر ناوەكانیـان تۆمار كراوە :

١) شەونم عبد القادر محی الدین — وەزیری پەروەردە
٢) شنۆ لطیف محمود — وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی
٣) پەروین بابكر حمە اغا — وەزیری پیشەسازی و وزە

**دووەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شــاوەیس**
**ســەرۆكی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی ـ عێـراق**

**تێـبـیـنـی :-**
**ئەو بەڕێزانە لە ئیدارەی سلێمانی بە وەزیر دانران.**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**خۆیەتی**
**مێژوو : ٢٠٠٣/٨/٢٠**

## بەیان ژمارە ( ٣ )

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ژمارە (٣٩) لە ١٩٩٢/١٢/٢٣ وە بە پێی كۆنوسی كۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٧/٦/١٢ و دوا بە دوای فەرمانی وەزارەیمان ژمارە (٣٩٨٣) لە ١٩٩٧/٧/٥ بڕیارماندا بە :-
پێك هێنانی بەشی دارایی لە ناحیەی كەسنەزان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی سەر بە وەزارەتەكەمان بۆ كۆكردنەوەی داهات بە پێی سیستەمی ناوخۆ ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٠ لە رێكەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانە.

**سەركیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات**
**بەڕێوەبەرایەتی باجەكان**
**مێژوو : ٢٠٠٣/٨/٢٣**

## بەیان ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠٠٣

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٣مان :
بە پێی ئەو دەسەلاَتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣٧)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢ی هەمواركراو بڕیارماندا.

١) بە دانانی بەڕێز / دادوەر . عبداللە عزیز أحمد دادوەری دادگای كەتن لە دهۆك و ئەندامی رەسەنی دادگای تاوانە گەورەكان (الجنایات)ی دهۆك بە سەرۆك لێژنەی تایبەت بە ووردبینی كردنی كێشەكانی ناڕەزایی باجدەرانی باجی دەرامەتی دهۆك و ئاكرێ لە جیاتی بەڕێز / دادوەر . عبداللە أحمد الشرفانی لەبەر هۆی گواستنەوەی راژەی بۆ دادگای بەرایی زاخۆ.
٢) ئەم لێژنەیە دەست بەكار دەبێت بۆ كێشەی باجدەرانی باجی دەرامەتی دهۆك و ئاكرێ لە رۆژی بلاَوكردنەوەی لەرۆژنامەی (وقایعی كوردستان).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ســەرکیس ئاغاجان مامەنــدۆ**
**وەزیـــری دارایــی و ئــابــووری**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێـــری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیـــوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خـۆیــەتی**
**مێـژوو : ٢٠٠٣/١٠/٧**

## بەیـــان ژمـــارە ( ١ )

پاڵپـشت بـە بڕگـەی /٢ لـە مـاددە /٢ لـە یاسـای ژمـارە /١٠ی سـاڵی /٢٠٠٠ (یاسـای یەکـەم هەمواركردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە /١٠ی ساڵی /١٩٩٢).

بڕیارماندا بە کردنەوەی (هۆبەی ئاودێری گوێـڕ) لە (ناحیەی گوێـڕ) کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر دەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەو فەرمانە.

**ســعد عبــداللــە عثمــان**
**وەزیـــری کشــتــوکــاڵ و ئاودێـــری**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم الإصدار: ٢١**
**تاريخ الإصدار: ٢٠٠٣/٩/٢٧**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٣٣)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٩/٢٥وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (٢١ ) لسنة ٢٠٠٣

**المادة الاولى :**
يوقف العمل بالمادة (١٥٦) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل ويحل محلها في اقليم كوردستان العراق مايلي:
(يعاقب بالسجن المؤبد أو المؤقت من أرتكب عمداً فعلاً بقصد المساس بأمن وأستقرار وسيادة مؤسسات اقليم كوردستان العراق بأية كيفية كانت وكان من شأنه أن يؤدي الى ذلك).

**المادة الثانية :**
يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد من (١٥٧) لغاية (١٨٩) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي.

**المادة الثالثة :**
يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد (١٩٠) لغاية (١٩٥) ومن (١٩٨) لغاية (٢١٩) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الماسة بأمن الدولة الداخلي.

**المادة الرابعة :**
يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد (٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الواقعة على السلطة العامة.

**المادة الخامسة :**
على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

ئــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــــوردستان

**المادة السادسة :**
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

www.mojkurdistan.com

**د. رۆژ نـوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العـراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم الإصدار: ٢٢**
**تـاريخ الإصدار: ٢٠٠٣/٩/٢٧**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، ومـا شـرعه المجلـس الـوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٣٣)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٩/٢٥وللصلاحية المخولة لنـا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قـانون رقم ( ٢٢ ) لسنة ٢٠٠٣
## إيقـاف العمل بمواد من قـانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم ( ٢٣ ) لسنة ١٩٧١

**المادة الاولى:**

يوقف العمل بالفقرة (جـ) من المادة (٦١) و يحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(إذا كان الشاهد لايفهم اللغة التي يجـري بهـا التحقيـق أو كـان أصـم أو أبكـم يعـين مـن يترجـم أقواله أو إشاراته بعد تحليفه اليمين بأن يترجم بصدق وأمانة).

**المادة الثانية:**

يوقف العمل بالمادة (٧٠) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(لحاكم التحقيق أو المحقق أن يرغم المتهم أو المجني عليه في جناية أو جنحة على الـتمكين مـن الكشف على جسمه أو أخذ تصويره الشمسي أو بصمة أصابعه أو قليل من دمـه أو شـعره أو أظافره أو غير ذلك مما يفيد التحقيق لإجراء الفحص اللازم عليها ويجب أن يكون الكشف علـى جسم الأنثى بوساطة أنثى.

**المادة الثالثة:**

يصبح أصل المادة (١٢٣) من قانون أصول المحاكمات الجزائية رقـم (٢٣) لـسنة ١٩٧١ المعـدل فقرة (أ) لها. وتضاف اليها فقرتان أخريان في اقليم كوردستان العراق بتسلسل (ب) و (جـ):

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

ب) للمتهم الحق في توكيل محامي وإذا لم يكن بمقدوره توكيل محامي فعلـى المحكمـة تـأمين محامي له دون أن يتحمل المتهم نفقات ذلك.

www.mojkurdistan.com

ج) قبل استجواب المتهم على حاكم التحقيق أو المحقق العدلي أخذ رأيه فيما إذا كان لديه رغبة في توكيل محامي ينوب عنه فإذا رغب المتهم في ذلك على حاكم التحقيق أو المحقق العدلي عدم أستجوابه لحين توكيل محامي أو تعيين محامي له من قبل المحكمة في جرائم الجنح أو الجنايات.

**المادة الرابعة:**

يوقف العمل بالمادة (١٣٦).

**المادة الخامسة:**

يوقف العمل بالمادة (١٤٤) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(عند إنتداب محامي للمتهم تحدد المحكمة أتعاب المحامي عند الفصل في الدعوى تتحملها خزينة الاقليم ويعتبر قرار الندب بحكم الوكالة وإذا أبدى المحامي عذراً مشروعاً بعدم قبوله التوكل فعلى المحكمة أن تندب محامياً غيره).

**المادة السادسة:**

يوقف العمل بالفقرة (ب) من المادة (١٦٨) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(يؤدي الشاهد شهادته شفاهاً ولا يجوز مقاطعته أثناء أدائها وإذا تعذر عليه الكلام فتأذن له المحكمة بكتابة شهادته وللمحكمة أن توجه إليه بعد الفراغ من شهادته ما تراه من الأسئلة اللازمة لإظهار الحقيقة ويجوز للادعاء العام والمشتكي و المدعي المدني والمسؤول مدنياً والمتهم مناقشة الشاهد وتوجيه الأسئلة والأستيضاحات اللازمة لإظهار الحقيقة).

**المادة السابعة:**

يوقف العمل بالفقرة (أ) من المادة (١٨٤) ويحل محلها في أقليم كوردستان مايلي:
(لحاكم التحقيق وللمحكمة بناءًا على طلب الإدعاء العام أو الجهة الإدارية المختصة وضع الحجز الاحتياطي على أموال المتهم إذا كان الفعل المسند إليه يشكل جريمة واقعة على حقوق أو أموال الدولة وما هو في حكمهما قانوناً بما في ذلك الأموال المعتبرة من الأموال العامة أو المخصصة لأغراض النفع العام ولا يحول ذلك دون وضع الحجز من قبل السلطة القضائية المختصة مباشرة عند الاقتضاء ولو لم يقدم إليها طلب بذلك).

**المادة الثامنة:**

يوقف العمل بالفقرة (أ)من المادة (١٩٩) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(لرئيس الأدعاء العام أن يطلب الى محكمة التمييز وقف إجراءات التحقيق أو المحاكمة مؤقتاً أو نهائياً في أية حالة كانت عليها الدعوى حتى صدور القرار في الطلب إذا وجد سبباً يبرر ذلك).

**المادة التاسعة:**

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان

يوقف العمل بالمادة (٢١٨) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(يشترط في الإقرار أن لايكون قد صدر نتيجة إكراه).

www.mojkurdistan.com

**المادة العاشرة:**
يوقف العمل بالمواد (٢٢١و ٣٠٦).

**المادة الحادية عشرة:**
يوقف العمل في اقليم كوردستان بمواد الباب الثاني والتي تبدأ بالمادة (٢٨٥) وتنتهي بالمادة (٢٩٣).

**المادة الثانية عشرة:**
يوقف العمل بالمادة (٣٢٠) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:
(يقوم الحاكم في اليوم المعين بالتحقيق في صحة البلاغ وسماع دفاع الشخص المبلغ عنه وعند إتمام التحقيق يصدر قراراً برد الطلب إذا لم يتأيد له ما يبرر إتخاذ إجراءات لحفظ السلام أو يقرر قبوله ويكلف الشخص المذكور بتقديم تعهد مقرون بكفالة كفيل أو أكثر).

**المادة الثالثة عشرة:**
يوقف العمل بالمادة (٣٢٤) ويحل محلها في اقليم كوردستان ما يلي:
(يقوم الحاكم في اليوم المعين بالتحقيق في صحة البلاغ وسماع دفاع الشخص المبلغ عنه وعند إتمام التحقيق يصدر قراراً برد الطلب إذا لم يتأيد له ما يبرر اتخاذ إجراءات ضد الشخص المبلغ عنه أو يقرر قبوله ويكلف الشخص المذكور بتقديم تعهد مقترن بكفالة كفيل أو أكثر).

**المادة الرابعة عشرة:**
يوقف العمل بالفقرة (ب) من المادة (٣٧١).

**المادة الخامسة عشرة:**
لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة السادسة عشرة:**
على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة عشرة:**
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطـني لكوردسـتـان ـ العـراق**

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم الإصدار: ٢٣**
**تاريخ الإصدار: ٢٠٠٣/١٠/١٩**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٣٦)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/١٠/١٨وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (٢٣) لسنة ٢٠٠٣
## قانون مخصصات الولادة والأمومة

**المادة الأولى:**
يصرف الراتب و المخصصات كاملة للمرأة المتمتعة بإجازة الولادة أو الأمومة طيلة فترة تمتعها بالإجازة.

**المادة الثانية:**
لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**
على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٣٩**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٣/٨/٢٦**

## " قــرار "

استناداً إلى أحكام المادة (١) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ والمادة (٢٣) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان – العراق المرقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر المجلس بجلسته المرقمة (٣١) لدورته الأنتقالية المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/٨/٢٦ إصدار القرار الآتي :

**اولاَ :**
إناطة مهام سكرتير المجلس بعضو البرلمان السيد كاكەرەش محمد النقشبندي طيلة فترة غياب سكرتير المجلس السيد فرست أحمد عبدالله.

**ثانيـاَ :**
ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. كمال عبدالكـريم فـؤاد**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العـراق**

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم القرار: ٤٠**
**تاريخ القرار: ٢٠٠٣/٨/٢٧**

## " قــرار "

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٧/ ٢٠٠٣/٨إصدار القرار الآتي:

**أولاً :** تعيين عضو البرلمان السيد (طارق سعيد جامبان) في لجنة الانتخابات بدلاً من عضو المجلس السيد (عبدالكريم حاجي كاكه حمه).

**ثانياً :** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.كمال عبدالكريم فؤاد**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم القرار:٤١**
**تـاريخ القرار: ٢٠٠٣/٩/٢٥**

## " قـــرار "

استناداً لأحكام القرار(٢٤) الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان — العراق في ٢٠٠٢/١١/٦، قرر المجلس بجلسته المرقمة (٣٣) (الدورة الانتقالية) في ٢٠٠٣/٩/٢٥ مايلي:

**أولاً:** منح الثقة للمدرجة أسماءهم أدناه لإشغال المناصب المبينة إزاء كل منهم:

١) شەونم عبدالقادر محي الدين — وزيرةً للتربية
٢) شنو لطيف محمود — وزيرةً للعمل والشؤون الاجتماعية
٣) پروين بابكر حمه آغا — وزيرةً للصناعة والطاقة

**ثـانياً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نـــوري شـاويـس**
**رئيـس الـمجـلـس الـوطني لكوردسـتان ـ العــراق**

**مـلاحـظــة :-**

تم أستيزار السادة أعلاه كوزراء في ادارة السليمانية.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com